پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە ئاوی ڕادەدا بە دەوری ئانیشکەکانی

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە ئاوی ڕادەدا بە دەوری ئانیشکەکانی».

[صەحیحە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمـوودەیە ئـەوە ڕوونـدەکاتەوە کـە لـە واجبەکـانی دەسـتنوێژ بریتیـە لـە شۆردنـی دەسـتەکان هەتـاوەکو ئانیشکەکانیش دەگرێتەوە، ودووپاتکراوە لەسەر شۆردن وئاو ڕادان بە دەست بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری هەردوو ئانیشکەکان؛ وئەم شۆردنە بەشێکە لە شۆردنی دەست کە واجبە شۆردنیان لە کاتی دەستنوێژگرتندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8383